

# كورد

## لە بیرەوەرییەکانی پریماکۆڤی مەزندا

وەرگێڕانی: سوارە شاکەلی

سلێمانی ٢٠٢١

## ناسنامەی کتێب


**ناوی کتێب:** کورد لە بیرەوەرییەکانی پریماکۆڤی مەزندا

**نووسینی:** ئێڤگێنی ماکسیمۆڤیچ پریماکۆڤ

**پێداچوونەوەی:** ئارام کەماڵ دەلۆ

**وەرگێڕانی لە رووسییەوە:** سوارە شاکەلی

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** ئارام کەماڵ دەلۆ

**نۆبەتی چاپ:** چاپی یەکەم

**ساڵی چاپ:** ٢٠٢١

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**چاپخانە:** چوارچرا

---

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان

ژمارە (١٨٩٩)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە

پریماکـۆڤ وەك سیاسـەتمەدار و رۆژهەڵاتناسـی گـەورەی رووس لـە جیهانـدا ناوبانـگ و پێگـەی تایبەتـی خـۆی هەیـە، تاوەکـو ئەمـرۆش لـە ناوەنـدە گرنگەکانـی لێکۆڵینـەوە لـە رۆژهـەڵات، بەگشـتی پشـت بـە دیـد و بۆچونەکانـی ناوبـراو دەبەسـتن، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی چەندیـن دەستگاو رێکخـراو و تەنانـەت زانکۆیەکـی گـەورە و خـاوەن توانـا بـە نـاوی پریماکۆڤـەوە لـە ئەمـڕۆی رووسـیادا بوونـی هەیـە، پریماکـۆڤ زۆر هەوڵیـداوە لـە بەرهەمەکانیـدا بەڕوونـی کێشـە و گیروگرفتـەکان دەستنیشـان بـکات و بـە وردی روونکردنـەوە لەسـەر رووداوەکان بخاتـەڕوو. شـیکردنەوە بـۆ لایەنـی باشـی و خراپەکانـی کێشـەکان، بـکات...

مۆسکۆ

٢٠١٧ /٥/١٨

# کورتەیەك لە ژیاننامەی
# ئێڤگێنی پریماکۆڤ



ناوی تەواوی ئێڤگێنی مەکسیمۆڤیچ پریماکۆڤ-ە، کە زیاتر وەك پریماکۆڤ ناسراوە، لە (٢٩/ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٥) لە شاری (کیڤ) هاتۆتە دونیاوە، لە ژیانی سیاسیدا چەندین پۆستی گرنگی هەبووە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤێیەت و رووسیای فیدراڵدا، لە گرنگترینیان:

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی رووسیای فیدراڵ لە ساڵی(١٩٩٨-١٩٩٩).

وەزیری دەرەوەی رووسیای فیدراڵ، لە ماوەی ساڵانی(١٩٩٦-١٩٩٨).

سەرۆکی دەستگای هەوڵگیری ناوەندیی یەکێتی سۆڤێیەت، ساڵی(١٩٩١).

لێپرسراوی دەستگای هەواڵگری دەرەوە، ماوەی ساڵانی(١٩٩١-١٩٩٦).

سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێیەت، ماوەی ساڵانی(١٩٨٩- ١٩٩٠).

رۆژهەڵاتناس، پلەی دکتۆرای وەرگرتووە ساڵی(١٩٦٩)، پرۆفیسۆر ساڵی(١٩٧٢)، ئەمانە و دەیان پۆستی ئەکادیمی و زانستی لە ناوەندە زانستیی و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان و سەرۆکایەتی کۆماردا هەبووە، کە پەیوەست بوون بە کاروباری رۆژهەڵاتەوە، سەرباری ئەوەی خاوەنی ژمارەیەکی زۆر وتار و توێژینەوە و خاوەنی چەندین پەرتووکی بەهادارە

دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نیشتمانی عەرەبی، بەگشتی و سەرپەرشتیاری ژمارەیەکی زۆری توێژینەوەی کردووە دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بوارە جیاوازەکاندا...

**لە گرنگترین ئەو بەرهەمانەی تا ئەمڕۆش خوێنەریکی زۆریان هەیە:**

• وڵاتانی عەرەبی و کۆڵۆنیالیزم، (١٩٥٦).
• کۆنفلێکتە نێودەوڵەتییەکانی سالآنی شەست و حەفتاکان، (١٩٧٢).
• رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێنج رێگا بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی، ( ١٩٧٤).
• قەیرانی سەرچاوەکانی وزە: رێگای زانا رووسەکان، (١٩٧٤).
• قەیرانی سەرچاوەکانی وزە لە دونیای سەرمایەداریدا، (١٩٧٤).
• ئەناتۆمیای کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، (١٩٧٨).
• رۆژهەڵات دوای رووخاندنی سیستەمی کۆڵۆنیالیزم، (١٩٨٢).
• رۆژهەڵات لە رووداوەکانی ساڵانی هەشتادا، ساڵی (١٩٨٣).
• ساڵانێك لە سیاسەتی گەورەدا، (١٩٩٩).
• کۆکردنەوەی هەشت مانگ، (٢٠٠١).
• جیهان پاش ١١ سێبتەمبەر، ( ٢٠٠٢).
• زەوی بەمین چێنراوی سیاسەت، (٢٠٠٦).
• رووسیا: ئامانج و ترس،(٢٠١٥).
• رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر شانۆی رووداوەکان و پشت پەردەوە، ساڵی(٢٠١٦).

ئەم دەقە وەرگێڕدراوە، دەکاتە بەشی هەژدەیەمینی دوایەمین

پەرتووکــی پریماکــۆڤ بەناونیشــانی (ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لەســەر شــانۆی ڕووداوەکان و پشــتی پــەردەوە)، ســەرباری باسـکردنی یادەوەرییەکانــی هەوڵیــداوە شــیکاری بــۆ ڕووداوەکان بــکات، لــە ڕووی مێژوویــی و پێشــهاتەکانی بــەردەم کوردســتان، لــە هەندێــك لــە دەقەکانــدا، بەتەواوەتــی یادەوەرییەکانــی خــۆی تێکــەڵ بــە ڕووداوەکان کــردووە، ئــەم پەرتووکــە باســێکی دوور و درێــژی تایبەتمەنــدی ئــەو پرۆســە سیاســییانەی نیــوەی دووەمــی ســەدەی بیســتە لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، کــە چــۆن پەیــدا بــوون و گەشــەیانکردووە. ئــەم پەرتووکــە بــاس لــە ڕووداوەکان دەکات تــا کۆتایــی ســاڵی(٢٠٠٨).

پریماکــۆڤ لــە(٢٦) حوزەیرانــی ســاڵی(٢٠١٥) لــە مۆســکۆ کۆچــی دوایــی کــردووە.



بەشـداری سـەرۆکی رووسـیای فیـدراڵ، لـە مەراسـیمی بەخاکسـپاردنی پریماکۆڤـدا.

## بەشی هەژدەهەم

# داستانی كورد

یەكێـك لـە كێشـە گـەورەكان، كـە بـۆ عێـراق ئەمێنێتـەوە كێشـەی كـوردە. پێـم وایـە باشـترە تۆزێـك زیاتـر بچێنـە قوڵایـی ناوەرۆكییـەوە، جگەلـەوەش مـن ماوەیەكـی زۆر چاودێریـم كـردووە و نێوانیشـمان زۆر دوور نەبـووە لەگـەڵ نەتـەوەی كـورددا. هەروەهـا مـن یەكەمیـن رۆژنامەنووسـی سـۆڤێیەتی بـووم، كـە چـاوم بـە سـەركردەی بزوتنـەوەی رزگاری خـوازی كـورد كـەوت، لـە سـاڵی (١٩٦٦)، دوای ئـەوەی كـە بـۆ جارێكـی تـر نێوانیـان لەگـەڵ بەغـدادا ئاڵـۆزی تێكـەوت، باكـووری عێراقـی خسـتبووە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـەوە. جەنـگ لـە نێـوان دەسـەڵاتی ناوەنـد و كوردەكانـدا دەسـتی پێكردبـووەوە، لـەم قۆناغـەدا نـاو بەنـاو شـەڕ سـەری هەڵدەدایـەوە و دەوەسـتێنرایەوە.

گەشـتەكەی مـن بـۆ كوردسـتان، لەسـەر داواكاری مۆسـكۆ بـوو، بەتایبـەت پـاش مردنـی سـەرۆكی عێـراق (عەبدولسـەلام) بـە رووداوی تەیـارە، براكـەی (عەبدولڕەحـمان عـارف) دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، بەبـێ ئـەوەی هیـچ رووداوێكـی خوێنـاوی بـەدوای خۆیدابهێنێـت، بەرانبـەر بـە هێـزە سیاسـییە چەپەكانـی عێـراق.

بەهـۆی گرنگـی پێگـەی عێراقـەوە لەناوچەکـەدا، یەکێتـی سـۆڤێیەت بڕیاریـدا چەنـد هانگاوێـك بنێـت بـۆ نزیکبوونـەوە لـە دەسـەڵاتی نوێـی عێـراق. یەکێـك لـەو هەنـگاوە گرنگانـە لەیەکـدی نزیکردنـەوەی دەسـەڵاتی ناوەندیـی لـە بەغـداد و نەتـەوەی کـورد بـوو، کـە باکـووری ئـەو وڵاتەیـان کۆنـترۆڵ کردبـوو. مۆسـکۆ بایەخـی بـەوەدەدا کـە کێشـەی کـورد بەرێگەی ئاشـتییانە (گفتوگـۆ-و) چارەسـەربکرێت.



پریماکـۆڤ لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتانی عێـراق، ناوەراسـتی سـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو

## مەلا مستەفای بارزانی- کێیە؟

تایبەتمەندی بارودۆخەکە و کۆمەڵێك فاکتەری دیکە بۆ یەکێتی سۆڤێیەت، سەر باری ئەو پەیوەندییە دۆستانەی یەکێتی سۆڤێیەت لەگەڵ سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد (مەلا مستەفای بارزانی)دا هەیبوو، ئەمانە هۆکار بوون بۆ لەیەك نزیك بوونەوە، ئەم مرۆڤە خاوەن مێژوویەکی سەرنج راکێش بوو.
لە ساڵ (١٩٠٥) مەلا مستەفا کە منداڵ بووە، کەوتووەتە بەندینخانەوە لەگەڵ دایکی-دا، یەکەم جار؛ کە براکەی سەرکردایەتی شۆڕشی کردووە دژ بە دەسەڵاتی تورك.
وەك گەنجێك بەشداری لە شەڕی ساڵانی (١٩١٤بۆ ١٩١٦) کردووە. لە ساڵی (١٩٣١) بەشداریکردووە لە شەڕدا بۆ پشتگیری لە (شێخ ئەحمەد)ی برای دژ بە دەسەڵاتی بریتانییەکان لەو ناوچانەی خێڵەکانی (هۆزەکانی) بارزانی تێدا دەژیان، کە براکەیان دوورخستبووەیەوە لە ناوچەکە، تەنها لە رێگەی هێزی ئاسمانی ئینگلیزییەوە توانرا کوردەکان سەرکوت بکرێن.



مستەفا بارزانی و پریماکۆڤ، ناوچە شاخاوییە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق، لە ناوەراستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا

پــاش دەســتگیركردنی مــەلا مســتەفا نزیكــەی ١١ســاڵ دوور دەخرێتــەوە، لــە ســاڵی (١٩٤٣) بەنهێنــی دەگەڕێتــەوە بــۆ ناوچەكــەی خــۆی و بەنهێنــی دەســتدەكات بەخەباتكــردن. ئەمجارەیــان ســەركەوتوودەبێت، (نــوری ســەعید)؛ ســەرۆك وەزیرانــی ئەوكاتــی عێــراق رازی دەبێــت بــە داواكاری كــوردان، بــەڵام پــاش دوو ســاڵ لــە رێگــەی هێــزی ئاســمانی ئینگلیــزەوە هێــرش دەكاتــە ســەر هێزەكانــی بارزانــی.

لەمــاوەی ســاڵانی جەنگــی دووەمــی جیهــان دا، لــە نــاو خاكــی ئێرانــدا كۆمــاری مەهابــادی كــوردی دادەمەزرێــت، مــەلا مســتەفا دەبێتــە (وەزیــری جەنگــی) ئــەو كۆمــارە، پــاش كۆتاییهاتنــی جەنــگ و كشــانەوەی هێزەكانــی ســۆڤێیەت لــە ئێــران، ئــەو كۆمــارە روخێنــدرا. مــەلا مســتەفا لەگــەڵ پێنــج ســەد كــەس لــە پیاوانــی هــۆزی بــارزان توانییــان لــە سنوورەكانی ئێــران بپەڕنــەوە بــۆ نــاو خاكــی ســۆڤێیەت، چەكدارەكانــی كــورد هەموویــان چــەك دەكرێــن و بەشــێكیان نیشــتەجێی ئازربایجان دەكرێــن و ئەوەكانی تریــش بــە ناوچەكانــی ئاســیای ناوەڕاســتدا بڵاویــان دەكەنــەوە، بارزانــی خۆیشــی لــە یەكێتــی ســۆڤێیەتدا مایــەوە، ناونیشــانەكەی (مەمێــدۆڤ) بــووە، گەیشــتنی مــەلا مســتەفا و جەنگاوەرەكانــی تــری بنەماڵەكــەی بــۆ یەكێتــی ســۆڤێیەت ئاشــكرانەكران.

نــە بارزانــی و نــە ئەوانــی دیكــەش، كــە لەگەڵیــدا هاتبوونــە نــاو ســنوورەكانی ســۆڤێیەتەوە بەهیــچ شــێوەیەك لــە ســوپای

سـوڤیێتدا خزمەتیـان نەکـردووە، ئـەو پڕوپاگەندانـەی بـاس لـەوە دەکـەن، کـە بارزانـی پلـەی جەنەراڵـی هەبـوو لـە سـوپای سـۆڤێیەتدا، سـەرلەبەری دوورە لـە راسـتییەوە. ئـەم قسـەو قسـەڵۆکانە پەیوەندییـان بـە رووداوێکـەوە هەیـە لـە مۆسـکۆ، ئـەو جارێکیـان جلوبەرگـی سـەربازی پلـەی جەنـەراڵ دەکڕێـت (ئەوکاتـە بـە ئاشـکرا ئـەو جلوبەرگانـە دەفرۆشران لـە بازاڕەکاندا) و بـەم جلانـەوە وێنەدەگرێـت، ئـەم وێنەیـە بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان دەکەوێتـە دەسـت دەسـتگای هەواڵگیـری بەریتانیـا. پـاش مردنـی سـتالین، بارزانـی و نزیکەکانـی ژیانیـان رووبـەرووی گۆڕانـکاری دەبێتـەوە. ئەمـەش دەنگـە تۆمـار کراوەکـەی بارزانییـە لەسـەر باسـەکە، بارزانـی قسـەی دەکـرد بـە زمانـی رووسـی باڵێیـن نـەك بەباشـترین شـێوە، بۆیـە مـن بـە گوێگرتـن لـە دەنگـە تۆمارکراوەکـە، قسـەکانی وەردەگێـڕم بـۆ سـەر زمانـی ئەدەبـی بـەم شـێوەیە:

(مـن چـوم بـۆ لای دەرگای (سپاسسـکی)[1] کرێمـل و دەسـتم بەلێدانیکـرد، ئەفسـەرێکی رێکـی باڵابـەرزی چـاو رەساسـی بەڕاکـردن گەیشـتەلام، پرسـیاری لێکـردم بـۆ لـە دەرگا دەدەیـت؟ منیـش وەڵامـم دایـەوە ئـەوە بارزانـی نییـە، (شـۆڕشـی کـوردی) لــە دەرگای کرێمـل دەدات).

١/ دەرگای سپاسـسـکی: یەکێکـە لـە دەرگا سـەرەکییەکانی چوونـەژوورەوە بـۆ کرێمـل (کریملـن)، دەڕوانێـت بەسـەر مەیدانـی سـووردا. سـاڵی ١٤٩١ بونیادنـراوە. وەرگێـڕ.

بەپێـی قسـەکانی بارزانـی بێـت لەلایـەن (مالینکـۆڤ. گ. م)[٢] پێشـوازی لێدەکرێـت و پاشـانیش بەکۆتاییهاتنـی گفتوگۆکانیـان دەینێـرن بـۆ باشـترین قوتابخانـەی حزبـی بـۆ خوێنـدن، هەرچـی ئەوانـەی دیکەشـە، کـە لەگەڵیـدا هاتبـوون بـۆ سـوڤێیەت دەخرێنـە بەرخوێنـدن لـە خوێندنـگا جیاوازەکانـی سـۆڤێیەتدا، هەرهەمووپـان لــە یەکێتـی سـۆڤێیەتدا دەمێننـەوە، پـاش شۆڕشـی سـاڵی (١٩٥٨)، بارزانـی بـوو بـە؛ کەسـێکی گرنـگ بـۆ (عەبدولکەریـم قاسـم) کـە دەیویسـت وەك: سـەرۆك کۆمـار، یەکێتـی عێـراق بپارێزێـت و لەگـەڵ کـورددا پێکـەوە بـە ئاشـتی بژیـن، بـەڵام پـاش گەڕانـەوەی بارزانـی پەیوەندییەکانـی نێوانیـان سـەرلەنوێ رووی لـە خراپیکـردەوە، دیسـانەوە شـەڕ و پێکدادانـی خوێنـاوی لەنێـوان حکوومەتـی ناوەندیی و کورد سـەریهەڵدایەوە. جەنــگ لەســەردەمی عارفــدا توندبوویــەوە و هــەر درێــژەی هەبــوو، بــەڵام کاتێــك براکــەی هاتەســەر حکــوم لــە مانگــی حوزەیرانــی ســاڵی (١٩٦٦) ســەرۆك کۆمــاری نــوێ و بارزانــی رێککەوتـن لەسـەر ئاشـتی، جەنگـی گـەورە کۆتاییهـات، بـەڵام نــاو بەنــاو پێکــدادان هــەر روویــدەدا. لــەم کاتــەدا، مــن لــە قاهیـرە بـووم، لـە ئۆفیسـی رۆژنامـەی (پراڤـدە)، فەرمانـم بـۆ

---

٢/ مالینکـۆڤ گریگـۆری ماکسـیمیلیانۆڤ؛ (١٩٠١-١٩٨٨). پـاش مردنـی سـتالین لـە جێـگای سـتالین بۆمـاوەی ١١ مانـگ سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـی وەزیـران (سـەرۆکی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی کۆمارەیەکگرتووەکانـی یەکێتـی سـۆڤێەت) بـووە. لەنێـو دەزگای هەواڵگریـدا گەیشـتۆتە (لیـوا ڕووکـن). وەرگێـڕ.

هــات تاوەکــو بچــم بــۆ باکــووری عێــراق.
بارزانــی دوور نەکەوتبــووەوە، لەپەیوەندیدابــوون لەگەڵیــدا و ڕۆژنامەنووســانیش ســەریان لێــدەدا، هەمــوو ئەمانــە لــە ڕێگــەی ســنووری ئێرانــەوە دەهاتنــە عێراقــەوە بــۆ لای بارزانــی، مــن نەمتوانــی بەبــێ ڕەزامەنــدی دەســەڵاتی فەرمــی عێــراق بــڕۆم بــۆ ئــەوێ، ئەمــە بەپێچەوانــەی هەوڵەکانــی ئێمــە دەبــوو، کــە دەمانویســت بەغــداد و کــورد لــە یەکــدی نزیــك بکەینــەوە.
لــە ١٦ی کانوونــی یەکــەم، ســەرۆك کۆمــاری ئەوکاتــەی عێــراق منــی وەك میــوان قبوڵکــرد، بــەڵام پێشــتر وەڵامــی ئــەو نامەیــەم وەرگرتــەوە لەســەر چاوپێکەوتنێــك بــۆ ڕۆژنامــەی (پڕاڤــدە) تــا بڵاوبکرێتــەوە. ســەرباری تیشــك خستنەســەر کێشــە و گیروگرفتــەکان باســی لــە بارودۆخــی باکــووری عێــراق کــرد، کــە خەریکــە بارودۆخەکــە هێوردەبێتــەوە. لــەو کاتــەدا کــە خەریکــی نووســین بــووم، بــە ســەرۆك کۆمــارم گــوت: (بــۆ ڕۆژنامەنووسـێکی سـۆڤییەتی جـوان نییـە، لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە بـڕوات بـۆ کوردسـتانی عێـراق، بـەو پێیـەی کـە ئێمـە کوردسـتان بـە بەشـێکی دانەبـڕاوی عێـراق دەزانیـن)، دیاربـوو قسـەکانم جێـگای خۆیـان گـرت و سـەرۆك ڕەزامەنـدی دەربـڕی و ڕەوانـەی کـردم بـۆ لای وەزیـری بەرگـری تاوەکـو کاروبارەکانـی گواسـتنەوەم بـۆ سـەردانی کـوردە چەکدارەکان ڕێکبخـات، لـە کۆتاییـدا کارەکان ئاشـکرابوون، لـە ڕێگـەی هـۆکاری گواسـتنەوەی

جەنگـی (مودەڕەعـە) و بـە یـاوەری دوو ئەفسـەر و کۆمەڵیـك سـەرباز ئامادەکرابـوو، یەکێـك لـە ئەفسـەرەکان کـە هـاوکارم بوو، هـەر لـە باڵوێزخانـەوە ئاگاداریانکردمـەوە کـە بـرای (وەزیـری بەرگری)یـە، بـەڵام ئەویـتر دواتـر پێـی ئاشـنابووم، ئـەو وەرگێـڕەی لـە باڵوێزخانـەی خۆمانـەوە لـە بەغـداد بۆیـان ئامادەکردبـووم تـا هاوکاریـم بـکات نـاوی (ساشـا زەتۆڤـی) بـوو، کـە لەدوایـدا پێگەیشـت و بووبـە باڵوێـز لـە سـووریا.

ئێمـە لەرێـگا خەریکـی نوکتـە گۆڕینەوەبوویـن لەگـەڵ یەکـتردا، بـەڵام ئـەم ئەفسـەرەیان نەیتوانـی زاڵبێـت بەسـەر پێکەنینەکانیدا، بۆیـە ئێمـە بۆمـان دەرکـەوت کـە رووسـی دەزانێـت، ئەوکاتـەی کـە گەڕاینـەوە بـە مەبەسـت قسـەمانکرد توانجـمان لێـدا: (کـە پێویسـتناکات یاریبکەیـن، لەسـەر بێدەنگـی، بـاش لێـمان تێـدەگات!) لـە کاتێـکدا بەتەنهـا ماینـەوە لەگـەڵ ئـەودا، گوتـی:

– پێویسـتناکات خۆمـان بـێ عەقـڵ دەربخەیـن (پەندێکـی رووسـییە- و).

پەیوەندییـمان بـە کوردەکانـەوە کـرد، لـە رێگـەی بێتەلـەوە ئـەوان داوایـان کـرد ئۆتۆمۆبیلـە جەنگییەکەمـان بپشـکنن، بـەڵام ئەفسـەرەکان لاقەنەکـران، ئێمـە گەیشـتینە شـوێنی مانـەوەی زسـتانەی بارزانـی، کـە تـا ئەوکاتـە هیچ یەکێـك لە دەسـەڵاتدارانی بەغـداد نەگەیشـتبوونە ئـەو شـوێنە.

ئـەوە ئێمـە گەیشـتینە کوردسـتان، ناتوانـم خـۆم بەدووربگـرم لـە

نووسینی لیریکی، لە سەر ئەم چیا ئەفسوناوییانە نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ دەبێت، کە نەتەوەی شاخی و تینووی ئازادی، میللەتی کوردی تێدا دەژین وەك هەندێك جار ناونراون بە (پاشای بەرزاییەکان)، سەڵاحەدینی ئەیوبی وەك سەرکردەیەك کە بە ڕەچەڵەك کورد بووەو شانازی پێوەدەکەن، لە هەمانکاتیشدا ئەوەی زۆر پێیان ناخۆشە (نوری سەعید)ی سەرۆك وەزیران کوردە...

ئای! بەڵام چ سروشتێکی دڵگیر! چیاکان کۆتاییان لە ئاسمانە، هاژەهاژەی ئاوی پاك، چەند جوان ڕەنگەکان لەگەڵ یەکدا گونجاو دیارن، لوتکەی چیاکان لە ئاسمانەوە سپی دەکەنەوە، ڕەنگەکانی سروشت بەراستی جوان پێکەوە گەنجاون، لوتکەی چیا بەرزەکان لەسەرەوە ئەبریسکانەوە، ڕەنگێکی برۆنزی ڕوونی پیشاندەدا، خوارەوەمان وەك ئەوەی بە فەرشێکی ڕەنگ سەوزی تێر داپۆشرابێت، کە پێکهاتبوون لە گژووگیا، تا ئەژنۆ بەرزبوون، بەردە گەورە ڕەنگ خاکییەکان بە شێوەیەك هەڵکەوتبوون وەك ئەوەی بیانەوێت ڕێگربن لە باوبۆران، بیانەوێت ئەم فەرشە سەوزە هەڵوەشێنن، سەرت سووڕ دەمێنێت لەوەی کە بەرزایی و نزماییەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەردەکەون لە کۆتایی دەشتەکان و قەدپاڵی چیاکان بەشێوەیەك وەك ئەوەی سەوزاییەکان خۆیان بەڕەگی دارەکانەوە گرێداوە...

ئۆتۆمۆبیلەکەمـان بـە ڕێگایەکـی تەسـكدا کەوتـە ڕێگابڕیـن، لـە کلیدۆرێکـی کـراوەوە دەرچوویـن، کـە بـە لاپاڵـی کەنێکـی دوانـزە کیلۆمەتـری درێـژدا تێپەڕیـن، کـە نـاوی (گەلـی عەلـی بەگ)ــە، بــەلای ڕاســتدا ڕێگاکــەی بــەرەو (ڕەونــدواز) دەڕوات و بــەلای چەپـدا بـەرەو ئاڕاسـتەی (حاجـی ئۆمـەران) بـۆ سـەر سـنووری عێـراق دەڕوات، بـەڵام ئێمـە هـەر ڕاسـتەو ڕاسـت دەڕۆیشـتین، دوایـن خاڵـی پشـکنینی سـوپای عێـراق ڕێگەیاندایـن تێبپەڕیـن. ئیـدی یـەك سـەربازی سـەربە دەسـەڵاتداری حکوومەتـی ناوەندی نەدەبیـنرا، لـەم ناوچـەدا. ئـەم سـنوورە، سـنووری ژێردەسـەڵاتی هێزەکانـی سـەر بـە (مسـتەفا بارزانـی)ن، لـە دوورەوە جێبێـك بــەرەو ڕوومــان هــات، کــە ســێ چەکــداری تێدابــوو، یەکێکیــان ئەندامــی لیژنــەی مەرکــەزی (پارتــی دیموراتــی کوردســتان) سـامی (سـامی عەبدولرەحـمان- و) و ئەوانـی دیکـە نێردراوێکـی بارزانـی و شـۆفێری جێببەکـە بـوون. سـامی تفەنگەکـەی لەسـەر ئەژنۆکانــی دانابــوو، جێبەکــە کەوتــەڕێ و ڕێــگای نیشــاندەداین، پاشـان بـە ڕێگایەکـی تەسـکی خۆڵـدا کـە هـەردوو دیـوی ڕێگاکـە گیرابــوو، بــە شــاخ لەلایەکییــەوە کەنێکــی قــووڵ، بەقســەی سـامی لـەم دەربەنـدەدا چەنـد پێشـمەرگەیەك (کـە نـاوی ئـەو شـۆڕشـگێرە کوردانەیـە: ماناکـەی کـە پێـش مـەرگ دەکـەون) دەتوانـن ڕێگابگـرن لـە هێزێکـی گـەورە.

بارزانــی چــاوی بەمــن کــەوت لەگــەڵ هــەردوو کوڕەکانــی دا

(ئیدریس و مەسعود).

مەسعودی حەڤدە ساڵ ئەوکاتە بەرپرسیاری ڕادیۆکەیان بوو.

من، لەگەڵ خۆمدا کاتژمێری دەستیم بردبوو بۆ کوڕەکانی بارزانی، مارکەی (پالیۆت)-ی سۆڤییەتی، بەڵام تۆزیك ئیحراج بووم کاتێك بینیم ئەوان کاتژمێری مارکەی (ڕۆلێکس)یان لە دەستدایە.

مەلا مستەفا، کاتێك چاوی بە من کەوت نەیدەتوانی خۆشحاڵی خۆی بشارێتەوە، داوەتی کردم بۆ ژێر زەمینێکی بچووك، کە گڕ و کڵپەی دارەسوتاوەکانی ئاگردانەکەی ئەو ناوەی تەواو گەرمکردبوو، ئاگردانەکە بەدەست دەگوێزرایەوە، تایەی لە ژێردابوو. دیوارەکانی دیاربوو لە قور درووستکرابوون بە ئاو لوسکرابوو... لە دەرەوەش بارانێکی لەسەرخۆ دەباری بە بەفرێکی تەڕەوە، سەقفی خانووەکە بەشتێکی شێوە لایلۆن داپۆشرابوو، کە زوو زوو ئاوی تێدا کۆدەبوویەوە بە دارێك جاربەجارێك ئەو ئاوەی کە کۆدەبوویەوە، بەرزیان دەکردەوە، تاوەکو بڕژێت و زیاد نەکات...

سەر زەوییەکە بە فەرش داپۆشرابوو، قاپ و قاچاخ دانرابوو، بە چوارمشقی هەموومان لەسەر زەوییەکە دانیشتبووین، ئەفسەرە عێراقییەکانیشمان لەگەڵدا بوو، یەکێکیان گوێی ڕاگرتبوو لە قسەکانمان کە بە رووسی قسەمان دەکرد، بەڵام من زووتر لە ڕێگەی سامی-یەوە ئاگادارم کردنەوە، کە ئەو

رووسی تێدەگات، بۆیە قسەکان ئاڕاستەی خۆیان وەرگرت، مەلا مستەفا وای گوت:
( لە بەغداد هەمووی دز و ساختەچین، تەنها یەك پیاوی ڕاست و پاکی تێدایە، ئەویش وەزیری بەرگرییە).
بەدڵنیاییەوە هەموو ئەوقسانە بۆ برای وەزیر بوو، کە دانیشتبوو نزیکمان. بۆ شەوەکەی گفتوگۆی ڕاستەقینە دەستیپێکرد، کاتێك دوو پێشمەرگە منیان لە خەو هەڵساند و بردیانم بۆ ناو خانوویەکی لە قوڕ دروستکراوی دیکە، لەوێ بارزانی باوەشی پێداکردم و گوتی کە (یەکێتی سۆڤێیەت باوکی منە)، بارزانی ئەوەی دووپات کردەوە کە؛ پشتگیری لە پرۆسەی ئاشتی دەکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بڕوای بە بەغداد نییە، لەوێ کەسانێك هەن فشاردەخەنە سەر بەغداد، تاوەکو لەگەڵ کورددا ڕێککەوتنامەکان جێبەجێ نەکرێن، هەروەها ئەو ئاماژەی بەوەکرد چاوەڕوانی و فراوانکردنی بەرەکانی جەنگ، کارێکی کردووە نایەڵێت ناوچەکە پێش بکەوێت و ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە باش بکرێت (کوردان چەند بەزەحمەت دەژین، من بە چاوی خۆم بینینم کە خانووەکانییان لکابوون بە دامێنی چیاکەوە دیواری خانووەکان لە بەردو قوڕ دروستکرابوون، کە بەردەوام سەربانەکانیان تەخت دەکەنەوە تاوەکو دڵۆپە نەکات، کارەبا نییە، لە ڕێگەی چرای نەوتییەوە ڕووناك دەکرێنەوە، زەوی

خانوەکانیـان خۆڵـە).

بەغدادیـش بـۆ هـاوکاری کردنیـان پەلـەی نییـە، هـەر چەنـدە بەڵێنـی زۆری داوە لـەم بارەیـەوە.

لەوەڵامـی ئەوپرسـیارەدا، کـە ئایـا هیـچ پەیوەندییەکـی لەگـەڵ ئێرانـدا هەیـە؟ (ئێمـە چەنـد زانیارییەکمان دەسـتکەوتبوو لەسـەر چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ شـای ئێرانـدا) بـەڵام بارزانـی، هیـچ بیـری نەکـردەوە و بـە متمانـە بەخۆبوونـەوە، گوتـی: (نامەوێـت هیـچ بشـارمەوە، مـن چـی بکـەم لەکاتێکـدا هەرچـی پەیوەنـدی مـن لەگـەڵ جیهانـدا لـە ڕێگـەی سنوورەکانی ئێرانەوەیـە؟) هەروەهـا وەڵامـی گرنگتریـن پرسـیاری منـی دایـەوە کـە چـۆن بیـر لـە خـۆت دەکەیتـەوە لـە ئاییندەدا بـاش دەزانیـت قسـەو قسـەڵۆك هەیـە دەربـارەی ئـەوەی کـوردەکان دەیانەوێـت خاکـی خۆیـان لـە عێـراق جیابکەنـەوە؟ وەڵامـی دامـەوە:

( ئەوانـەی کـە وادەڵێـن، ئەوانـە دووژمنەکانی پرۆسـەی ئاشـتیین، دەربـارەی دابەشـکردنی خاکـی عێـراق قسـەی وادەکـەن، بەتایبـەت لـە بـارەی ئێمـەوە. ئەگـەر دەسـەڵاتی عێـراق داوای جیابونەوەمـان لێبـکات، ئـەوا ئێمـە ئـەم کارە ناکەیـن. ئێمـە نامانەوێـت جیابینـەوە لـە عێـراق. عێـراق وڵاتـی ئێمەشـە، بـەڵام کوردیـش دەبێـت هەمـوو مافەکانـی خـۆی بەرجەسـتەبکات و مافەکانـی دەبێـت وەکـو مافـی عـەرەب بێـت لـە عێراقـدا، هـەر لەپێنـاو ئەمەشـدا خەبـات دەکەیـن).

لـە سـەروبەندی گفتوگۆکـردن لەگـەڵ سـامیدا، بـۆم دەرکـەوت، کـە چەنـد ڕۆژێـك پێشـهاتنی مـن پێشـمەرگەیەك خرابـووە زیندانـەوە، (زینـدان کـە شـێوەی وەك هەمـان ئـەو خانـووە قوڕانـەی ئێمـەی تێدابویـن، بـەڵام سـەرەوەیان داپـۆشراوە و دەرگاکانـی داخـراوە و بـە پێشـمەرگەی چەکـردار چاودێـری دەکرێـت)، تەنهـا لەسـەر ئـەوەی قسـەی بـە عـەرەب گوتـووە لـە قسـەکانیدا هەسـتی نەتـەوە پەرسـتی بەدیکـراوە، سـامی وای بـۆ ڕوونکردمـەوە:

(ئێمـە ڕێگـە بەهیـچ کـەس نادەیـن کـە هەوڵبـدات تایبەتمەنـدی خەباتەکـەی ئێمـە بگۆڕێـت).

پێکهاتـەی سـوپای شۆڕشـگێرەکانی کـورد، بەزۆرینـە کـوردن، بـەڵام وەك ئیدریـس کـوڕی بارزانـی گوتـی: (ئاشوریشـمان زۆر لەگەڵدایـە و ئەرمەنیشـمان لـە نێوانـدا هەیـە. یەکێـك لـە پایەدارە بەرزەکانـی شـۆڕش و فەرماندەکانـی بەڕەگـەز عەرەبـە، کـە سەرپەرشـتی بەتالوێنـی کۆمۆنیسـتەکان دەکات، کـە پێکهاتبـوون لـە عـەرەب و کوردەکانـی پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق)، ئەمانـە ڕوویـان لـە باکـوور کردبـوو بـۆ خۆپاراسـتن لـە قـات و قڕکردنیـان لـە سـاڵی (١٩٦٣).



پریماكـۆڤ و بەشـێك لەیاریدەدەرەكانـی، لـە ناوچـە ئازادكراوەكانـی كوردسـتان. لـە ناوەراسـتی سـاڵانی شەسـتەكانی سـەدەی ڕابـردوودا، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەكی ڕێپیشاندەریاندا

## گەیشتنە ڕێککەوتن بەڵام دواتر چی؟

گەشتی دواترم بۆ باکووری عێراق، ڕاستەوخۆ پاش گۆڕینی دەسەڵات بوو لە بەغداد، لە ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیدا بۆم دەرکەوت کە هیوای لاوازبووە بەوەی کە دەسەڵاتی نوێی بەغداد بتوانێت زیاتر کاربکات لەوانەی پێش خۆی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەمەش لە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ سەرۆکی پێشودا (سەرۆك عارف) شەڕ و پێکدادان هەر درێژەی هەبوو. بۆ لەمەودوا چی دەبێت؟ ئەم پرسیارە بە ناڕاستەوخۆ ئامادەیی هەبوو لەکاتی گفتوگۆکەماندا لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا.

بارودۆخی ناوخۆی بزاڤی کوردی، بارزانی و دەوروبەرەکەشی توشی دڵە ڕاوکێ کردبوو. لەم ساتەدا هێزەکانی پێشمەرگە تەنها سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی سوپای عێراق نەبوون، شەری خوێناوی و گەورەتر لەگەڵ هێزە چەکدارە دروستبووەکانی سەر بە (جەلال تاڵەبانی)دا، روویدەدا. بارزانی، بە بێڕێزییەوە ناوی دەهێنان بە (خۆفرۆش).

ئەم دووبەرەکییەی ناوخۆی کورد، بەغداد بەفرسەتی دەقۆستەوە بۆ خۆی، بەمەش دژایەتی دەکردن نەك بەدەستی خۆی ڕاستەوخۆ، بەڵکو ناڕاستەوخۆ؛ لە رێگەی

کەسانی ترەوە.
لە مۆسکۆوە بڕیاردرا؛ کە سەفەری ڕۆژنامەنووسی سەر بەرۆژنامەی (پراڤدە) درێژەی هەبێت بۆ کوردستانی عێراق. دەبێت ئایندەی نزیك چی بهێنێت بۆ؛ عێراق، بۆ عەرەب و کورد؟ من لەگەڵ ئەم پرسیارە نائاسانەدا دووەم جار چووم بۆ کوردستانی عێراق، بۆ ئەمجارەیان سوپای عێراق بۆ یاوەریکردنم کەسیان نەنارد لەگەڵمدا، سەیارەیەك کە شۆفێرەکەی کوردبوو هات بۆ لای ئەو میوانخانەی کە تیایدابووم و لەوێوە کەوتینەڕێ بەرەو باکووری عێراق. لە ڕێگا هەموو شوێنەکان هەروەکو ساڵی (١٩٦٦) بوو، تەنها ئەوە نەبێت کە زستان ڕەنگی خۆی بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا داپۆشیبوو، ئەوەی ڕێگای لە خۆرەکە گرتبوو بەرزای لوتکەی شاخەکان بوو، کە لە سەرەوەی لوتکەکانی ڕەنگکردبوو... ئەوەی وەکو خۆی مابوویەوە ئاوە ساردە کەلەتەزێنەکانی لێوار چیاکان بوو، لە ژێر کڵۆ بەفرە بەستووەکاندا بە خێرایی تێدەپەڕین، ئۆتۆمۆبیلە ڕانجرۆڤەرەکەمان، کە بە هەموو شوێنێکدا دەڕۆیشت، شۆفێرەکەی، خێرایی تەنها لە نزیك لوتکەکان تۆزێك خاوی دەکردەوە، لە سەرەتای دەربەندەکەدا ڕێگایان پێداین بڕۆین، ئەمەش مانای ئەوە بوو، کە هیچ ئۆتۆمۆبیلێك بەرەو ڕوومان نایات (پێدەچێت نووسەر مەبەستی لە بەر تەسکی ڕێگاکەبێت-وەرگێڕ)، شۆفێرەکە پیاوێکی

بـاڵا بـەرز قژێکـی ماشـوبرنجی هەبـوو چاوەکانـی سـەوزبوون، کـە بـەردەوام بـوو لـە تاودانـی ئۆتۆمۆبیلەکـە، دوو مەخزەنـی فیشـەکی لـە نـاو قـەدی بەسـتبوو، ئـەوەی کـە ڕێنیشـاندەرمان بـوو. بـەرەو باکـوور، پێشـمەرگەی سـەر بەهێزەکانـی مـەلا مسـتەفای بارزانـی بـوو.

مـن، هەفتەیەکـی پڕاو پڕ لـە یادگارییـم لـەوێ بەسـەربرد، چـاوم کـەوت بـە بارزانـی و کوڕەکانـی و ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی و سـەرکردایەتی و کۆمەڵێـك زۆر پێشـمەرگەی سـادە، هەموویـان باسـیان لـە سـەرەکی تریـن بابـەت دەکـرد کـە چۆنییەتـی چارەسـەرکردنی کێشـەکان بـوو لەگـەڵ حکوومەتـی ناوەندیدا، کە ئەنجامەکـەی ڕژاندنـی خوێنێکـی زۆر و قوربانیـدان و ماڵوێرانـی بـوو بـۆ گەلـی عێـراق. ئەگـەر گەشـتی یەکـەم و دووەمـم بـۆ باکـووری عێـراق، لەژێـر ناونیشـانی ڕۆژنامەنووسـی ڕۆژنامـەی پراڤـدە بـوو، زیاتـر شـێوازی ئاشـنایەتی کردنـی لـە خۆگرتبـوو، ئـەوا پـاش ئـەم گەشـتانە، گەشـتەکانی دواتـرم تایبەتمەنـدی نێوەندگیـری وەرگـرت.

پێـش دەسـتپێکردنی گەشـتی سێهەمم بـۆ کوردسـتان، لـە بەغداد چاومکـەوت بـە سـەدام حسـێن ئەوکاتـە لەلایـەن دەسـەڵاتەوە ڕاسـپێردرابوو بـۆ سەرپەرشـتی کردنـی دۆسـیەی کـورد، هێشـتا خـۆی نەبـوو بـوو بەکەسـی یەکەمـی دەسـەڵات. سـەدام حسـێن تەماشـای چارەسـەرکردنی کێشـەی کـوردی دەکـرد وەك خاڵێـك بۆ

دەرخستنی خۆی، ئەمەش خراپ نەبوو، بەڵکو دەرفەتێك بوو تا هەوڵبدرێت کوردەکان بتوانرێت ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە بەدەست بهێنن لە چوارچێوەی عێراقدا.
باڵویزی سۆڤێییەت لە عێراق (فیدۆتۆڤ. ف. ن) بەهەمان شێوە لایەنگیری ئەم بیرۆکەیەبوو. هەر لە کاتی گفتوگۆی نێوانماندا سەدام حسێن ئاماژەی بە هەڵوێستی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کرد تەنانەت داوای لێکردم، بە بارزانی بڵێم؛
کە ئامادەیە کاری زۆر بکات تاوەکو بتوانێت پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب بەرەو ئاسایی بوونەوە بەرێت.
گفتوگۆکەی ئێمە لە مانگی یەکی ساڵی (١٩٧٠)دابوو، گوتی زۆر پێویستە دیالۆگ لەگەڵ برایانمان لە ژێر سەرپەرشتی بارزانیدا، بۆ ئەوەی بگەینە ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە، کە گرەنتی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان بکات، بە بڕوای ئەو تەنها شتێك کە دەیتوانی ببێتە ڕێگر لەنێوان هەردوولادا نەبوونی متمانەبوو. هەروەها سەدام حسێن گوتی: (شەڕ و پێکدادانەکانی ساڵانی پێشووتر نە تەنها حزبی بەعس لێی بەرپرسیارن و نە بارزانی بەتەنها، بەڵام خوێن ڕژاوە بۆیە پێویستمان بەنییەت پاکی هەیە لە هەردوولاوە تاوەکو بتوانین بارودۆخەکە هێور بکەینەوە، هەروەها هەردولا پێکەوە دەبێت هەستن بە دوورخستنەوەی ئەو کەس و گروپانەی کە لایەنگری شەڕ و توندوتیژین)، بەم شێوەیە گفتوگۆکانمان

لەگـەڵ (سـەدام حسـێن)دا کۆتایـی پێهـات، ئـەم جـۆرە قسـانە گەشـبینییەکی لـە هەڵوێسـتەکانی سـەدام حسـێندا بەدیدەکـرا، هەروەهـا سـەدام پێـی باشـبوو کـە زوو زوو سـەردانی کوردسـتان، بکـەم.

ئەتوانـم بڵێـم لەمـاوی سـاڵانی (١٩٦٦تـا١٩٧٠) تەنهـا نوێنەرێکـی یەکێتـی سـوڤێیەت بـووم، کـە بەردەوامـی سـەرم لە بارزانـی دەدا. هاوینـان لـە قاهیـرە لـە کوخـدا ژیانـم بەسـەردەبرد و زسـتانانیش لـە خانـووە نزمەکانـی سـەرچیاکان. لەکاتـی گەشـتەکانمدا (ڤیکتەر ڤیکتۆرۆڤیـچ پاسـوڤالویك و ئۆلێـگ گیراسـیمۆڤیچ پێرێسـیپکین) هـاوکارم بـوون، بـەڵام لەژێـر نـاوی رۆژنامەنووسـی رۆژنامـەی پراڤـدەی رووسـیدا کارمـان دەکـرد، هەرچیشـمانپێکرا کردمـان، تاوەکـو لایەنـەکان لەیـەك نزیـك بکەینـەوە.

هەوڵمانـدا کاریگەریـی لەسـەر بارزانـی دابنێیـن هـەردوو (محەمـەد مەحمـود عەبدولرەحـمان و مەحمـود عوسـمان) دووەمیـان کـە ناسراوبـوو بـە دکتۆر مەحمـود ئەمانـە هەردووکیان ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی بـوون، دکتـۆر مەحمـود لـە راستیشـدا دکتـۆر بـوو، خوێندنـی تـەواو کردبـوو بڕوانامەیشـی وەرگرتبـوو هـاوکاری برینـدار و نەخۆشـەکانی دەکـرد بەگاڵتـەوە دەیگـوت کـە بورجەکـەم (سـەرەتانە)، دەرزی و داودەرمـان و لەلایەکـی تـرەوە چەکـە.



لەگـەڵ کـوڕە حەڤـدە سـاڵانەکەی بارزانـی بـە نـاوی (مەسـعود)، ئەوکاتە بەرپرسیاری ڕادیۆکەیان بوو.

ئـەوەی ڕۆڵێکـی گـەورەی بینـی لـە نزیکردنـەوەی هــەردوولادا و ڕۆڵــی ســەرەکی بینــی (عەزیــز شــەریف) بــوو، کەســاییەتی بەناوبانگـی عێراقـی، خاوەنـی خەڵاتـی لینیـن بـۆ ئاشـتی، پیاوێکـی بـێ فیـز و میهرەبـان. کـە لەوکاتـەدا گەڕابوویـەوە لـەدەرەوەی وڵات و بەشــداری پێکرابــوو لەپێکهێنانــی کابینــەی حکوومەتـدا، پێموابێــت لەســەر داواکاری ســەدام حســێن ئــەو ســەردانی کوردسـتانی کـرد، لـە کۆتایـی سـاڵی (١٩٦٩)دا. هـەر لـەو کاتەشـدا مـن بـۆ جارێکـی تـر گەڕامـەوە بـۆ ئـەوێ. لەکاتـی گەیشـتنی ئێمە بـۆ کوردسـتان گفتوگـۆکان ڕاوەسـتێندرابوون لەگـەڵ نوێنەرەکانـی بەغـدادا.

کۆمەڵێــك کێشــەی گــەورە هەبــوون، لــە هەموویــان گرنگــتر پرەنســیپی ئۆتۆنۆمــی بــوو بــۆ کــورد لــە چوارچێــوەی عێراقــدا، بــەڵام نەگەیشــتینە هیــچ ئەنجامێــك دەربــارەی بەشــداریکردنی کـورد لـە (مەجلـس قیـادە سـەورە) و هەندێـك پرسـی تریـش هەر بەکراوەیـی مانـەوە لەوانـە؛ ئاییـنـدەی کەرکـووك، پێشـمەرگە، ئـەو ماوەیـەی کـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد تیـادا بەیانبکرێـت.

جارێکیـان نانـی نیوەڕۆمـان خـوارد بە سـێ قۆڵـی بارزانـی و عەزیز شـەریف و مـن، پێکـەوە بوتڵێـك کەنیاکـی (کۆنیـاك- پێدەچێـت نووسـەر مەبەسـتی عارەق-بێـت، چونکـە کۆنیـاك خواردنەوەیەکی ئەرمەنییـە- و) عێراقیـمان خـواردەوە، بارزانـی لەهەمـوو کاتەکانـی تـر کراوەتربـوو. پێکەکانـی بـە تەندروسـتی میللەتانـی ڕووسـیا و

یەکێتـی سـۆڤێیەت بـوو، زۆر بەکراوەیـی گوتی کە لەسـەر داواکاری یەکێتـی سـوڤێیەت بـووە بـۆ گفتوگۆکـردن لەگـەڵ بەغـدادا و گوتـی تەنانـەت رازی بوونـی پارتـی بـۆ گفتوگۆکـردن پێگـەی کـورد و پارتـی بەهێـز دەکات.

پـاش نـان خـواردن، لەکاتـی گفتوگۆکردنـدا لەگەڵ دکتـۆر (مەحمود عوسـمان)دا کـە دەستنیشـانکرابوو بـە سـەرۆکی وەفـدی کـوردی بـۆ گفتوگـۆ لەگـەڵ بەغـدادا و بەئامادەبوونـی (عەزیـز شـەریف)، کـە لەیـەك خانـوودا دەژیایـن و پاشـانیش لەگـەڵ ئـەو کـوردە ناسراوانـەی خۆمانـدا، گەیشـتینە ئـەو بڕوایـەی کـە شـتەکان هەروا ئاسـان نیـن، بـەڵام مـن و عەزیـز شـەریف هاوڕابوویـن لەسـەر ئـەوەی، کـە دەبێـت کـورد کۆڵنـەدات و هێشـتا کـە هیـچ بڕیارێـك نـەدراوە دەربـارەی شـتەکان وەفـدی خۆیـان بنێـرن بـۆ بەغـداد و لـەوێ درێـژە بەگفتوگـۆکان بـدەن، ئەوانیـش رازیبـوون.

لـە بەغـداد چـاوم کـەوت بـە وەفـدی کـوردی لـە باڵوێزخانـەی یەکێتـی سـۆڤێیەت، بـۆ مـن شـتێکی تازەبـوو، کـە ببینـم (ئیدریـس و مەسـعود و دکتـۆر مەحمـود)، قاتـی چاکـەت و پانتۆڵ و بۆینباخیـان بەسـتبوو. ئەمـە شەشـی شـوباتی سـاڵی (١٩٧٠)بـوو. لـە چـواردەی هەمـان مانگـدا چـاوم بـە وەفـدی دانوسـانکاری کـوردی کەوتـەوە لـە باڵویزخانـەی خۆمـان، کـە لـەو ماوەیـەدا توانرابـوو کۆمەڵێـك لـە کێشـەکان بجوڵێندرێـت و پێشکەوتنیشـی تیـادا بەدیدەکـرا، هـەردوولا کـە کەوتبوونـە گفتوگـۆوە ئەمـەش

بەدەرنەبوو لە کاریگەری ئێمە لەسەر لایەنەکان، هەرچی دەربارەی کەرکووکیشە ئەوا کوردەکان رازیبوون بەوەی کەرکووک بخرێتە سەر ئۆتۆنۆمییەکەی کوردستان، بەڵام کاروباری دەرهێنانی نەوت و بیرە نەوتەکان لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا بمێننەوە.

یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ سەرۆك (بەکر) لە رێگەی ڕادیۆی بەغداد و تەلەفزیۆنەوە ناوەڕۆکی رێککەوتنامەکەی لەگەڵ کوردەکاندا خوێندەوە ، کە ناوەڕۆکەکەی خۆی لەسەر بنەمای داننان بە مافی کورد و درووستکردنی ئۆتۆنۆمیدا بۆ کوردەکان لە چوار چێوەی عێراقدا دەبینییەوە، هەروەها دانی بەوەدا دەنا کورد و عەرەب پێکهاتەی سەرەکی عێراقن بڕیاردرا جێگری سەرۆك کۆماری عێراق کوردبێت و پێنج وەزیری کوردی بەشدارییان لە پێکهاتەی حکوومەتدا کرد.

ئەم دۆکۆمێنتانە ناوی (بەیانی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠)ی لێنرا، بەخۆشحاڵییەوە لە هەموو لایەکەوە پێشوازی لێکرا لە عێراقدا، لە هەموو لایەکەوە ئاگری خۆشحاڵی کرایەوە بەسەر چیاکانی دەوروبەری کەرکووکەوە، ژمارەیەکی بێشوماری خەڵك بە ئاهەنگ گێڕان کۆبوونەوە لە مەیدانی (ئەلتەحریز) لە بەغداد لەساتی جاڕدانی ئاگربەست لەگەڵ کوردەکانی باکووری عێراقدا. نزیك سەرۆك بەکر، سەدام حسێن و کوڕەکانی بارزانی؛ (ئیدریس و مەسعود) بە جلوبەرگی کوردییەوە، ڕاوەستابوون.

## سەدام دژی بارزانی

## هەوڵێکی شکسخواردوو بۆ کوشتنی بارزانی

بەداخــەوە، دیســانەوە پــاش تێپەڕبوونــی کاتێکــی کــەم پەیوەندییــەکان گــرژی و ئاڵوزیــان تێکەوتــەوە، هەنــگاوی بــەرەو ئەوەدەنــا کــە دیســانەوە شــەڕ هەڵبگیرسـێت. لـە بیسـت و دووی کانوونـی دووەمـی سـاڵی (١٩٧٣)، مـن چـاوم بـە سـەدام حسـێن کــەوت، کــە ســوربوو لەســەر ئــەوەی کــە چــاوم بــە بارزانــی بکەوێــت. هەروەهــا گوتــی (بەغــداد نیــازی هێرشــکردنی نییــە، ئێمــەش لەگــەڵ ئەوەدایــن کــە بارزانــی بیــر لــەوە نەکاتــەوە کــە یەکێتــی ســوڤێیەت ســەرنجەکانی لەســەری کەمبووەتــەوە)، گوتـی؛ (ئێمـە زۆر بەڕێـزەوە تەماشـای کاریگـەری ئێـوە دەکەیـن لەســەر مســتەفا بارزانــی) هەروەهــا بەردەوامبــوو لەســەر قســەکانی و گوتــی (فەرماندەکــەم فڕۆکــەت بــۆ ئامادەبکــەن تاوەکــو کەرکــووک، لەوێشــەوە تــا ڕەوانــدوز بــە هەلیکۆپتــەر بتگوێزنــەوە).

ئایـا ئـەو بەراسـتی بـوو یـان دەیویسـت ئـەو پەیوەندییـەی ئێمـە لەگـەڵ بارزانیـدا بەکاربهێنـێ، تاوەکـو ئـەو نزیـك بوونـەوەی بارزانی لـە ئێرانییەکان راوەسـتێنێت؟ یان لەوانەیە ویسـتبێتی پەیوەندییەکان لەگـەڵ بارزانیـدا ڕێکبکاتـەوە پـاش تێکچوونـی نێوانیـان؟

لـە رەوانـدوز بەفـر ئەژنۆیـەك باریبـوو، لـە ناوەنـدی سـوپای عێراقـدا ئۆتۆمۆبیلێـك هـات بەشـوێنمدا، کـە شـۆفێرەکەی کـورد بـوو، هـەر چەنـدە ئەمـە نەیدەتوانـی لـە ڕواڵەتـدا ناکۆکییـەکان بشـارێتەوە، کاتێـك گەیشـتینە یەکەمیـن وێسـتگەی سـنووری دەسـەڵاتی کـورد وەك ئـەو سـەردەمەی کـە رێککەوتـن نەکرابـوو رێگاکـە گیرابـوو چەکـدار لـەو ناوەبـوون، شـوێنێکی بچووکیـان بـۆ ئامادەکردبـووم نزیـك ماڵەکـەی ئیدریـس و مەسـعود. هەسـتمکرد بـەوەی کـە ئیدریـس لـە دڵـە ڕاوکێدایـە، ئەمـە ئەوکاتـە زیاتـر دەرکـەوت، کاتێـك بارزانـی هـات بۆلامـان، ئێمـە نزیکـەی یـەك دوو کاتژمێـر بـە رووسـی قسـەمانکرد، بـەڵام ئیدریـس هیـچ تێنەدەگەیشـت. بۆیـان گێڕابوومـەوە، کـە هەمـوو پەیوەندییەکانـی ئێـران لـە رێگـەی ئیدریسـەوەیە، بۆیە قسـەکانی چاوەڕوانکراوبـوو، دەربـارەی ئـەوەی کـە بەغـداد نیـازی ئـەوەی نییـە خاڵەکانـی نـاو بەیانامەکـە جـێ بەجێبـکات.

لەوکاتـەدا مـن هەسـتم بـە دوو شـت کـرد، کـە ئاڵـۆزی دروسـتکردبوو، هـۆکاری ئـەو لەیـەك دوورکەوتنەوەیـە بـوو، یەکەمیـان لـە مـەلا مستەفا خۆیـەوە، گـوێ بیسـتی بـووم، کـە گروپێـك شـێخ هاتبـوون بـۆ سـەردانیکردنی، ئەویـش چـاوی پێکەوتبـوون لـە خێوەتێکـدا، بـەڵام یەکێـك لـە شـێخەکان داوا دەکات چاوپێکەوتنەکـە تۆماربـکات، ئەوکاتـە ئامێـری تۆمارکردنـە چەنـد کیلۆمەترێـك دوور دەبێـت لێیانـەوە، لـە نـاو پاسـێکی

بچووکـدا، کـە شـۆفێرەکەی سـەر بـە دەزگای سـیخوری عێـراق دەبێـت و لـە نـاو ئامێـری دەنـگ تۆمارکردنەکەدا بۆمبێکـی چێنراو دادەنرێـت، کـە لـە دوورەوە دەتوانرێـت بتەقێنرێتـەوە، هەربۆیـە بۆمبەکـە دەتەقێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی بارزانـی رزگار دەکات لـە مـردن، لەوکاتـەدا پێشـمەرگەیەك دادەچەمێتـەوە تاوەکـو قـاوەی پێشـکەش بـکات، بەمـەش پێشـمەرگەکە بەردەکەوێـت و بارزانـی رزگاری دەبێـت لـە مـردن. بارزانـی درێژەیدایـە:

(پاسـەوانەکانم بێعەقڵـن، لەوکاتـەدا کەوتوونەتـە تەقەکـردن و هەرچـی شـێخ و شـۆفێری سـەیارەکەش دەکـوژن، بۆیـە نەمانتوانـی لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ هیـچ کەسـێکدا بکەیـن، بـەڵام مـن دڵنیـام ئەمـە کاری سـەدام حسـێنە).

دووەم حاڵـەت کـە دیاربـوو پەیوەنـدی بـە کـوڕە گەورەکەیـەوە هەبـوو، بـە نـاوی عوبەیـدوڵا[٣]، هـەر لـە یەکـەم گەشـتمدا بارزانـی بـۆی گێڕامـەوە، کـە خسـتویەتییە زیندانـەوە و نیـازی وایـە گوللەبارانـی بـکات. گێڕایـەوە: (عوبەیـدوڵا ئـەو رێگایـەی پیشـانی دوژمنـان داوە، کـە هـاوکاری مادییـمان لێـوە وەردەگرت).

٣/ کاتێـك مـن گفتوگۆمکـرد لـە سـەر ئـەم بابەتـە لەگـەڵ تـارق عەزیـزدا، ئـەو گوتـی: ئێمـە داوامانکـردوە لەبارزانـی بەڵێـن بـدات، کـە عوبەیـدوڵا نەکوژێـت، ئەوکاتـە ئێمـەش عوبەیـدوڵا بەردەدەیـن، بـۆ هەرکـوێ دەیەوێـت دەتوانێـت بـڕوات، بارزانـی ڕەتیکردەوەکـە ئـەو بەڵێنەبـدات. بۆیـە ئەوکاتـە گەیشـتمە ئـەو بڕوایـەی کەپێویسـت نـاکات عوبەیـدوڵا بکرێتـە بەشـێك لـە کەرەسـتەی رێککەوتـن لەنێـوان لەلایەنەکانـدا، ئـەو کـوڕە بـەڵام بارزانـی سـەرۆکە.

نازانـم قەسـەکانم کاریگـەری هەبـوو لەسـەری، کـە گوتـم پێدەچێت عوبەیـدوڵا ئـەو کارەی کردبـێ نـەك لـە ڕق و هەستی دوژمنکاریـدا، بەڵکـو پێدەچێـت لەوانەیـە هەڵەیکردبێـت، ئـەو لە ژیانـدا مایـەوە، نەکـوژرا. دواتـر لەبـەر ئـازاری نـاو سـکی (ئـازاری ڕیخۆڵـە کوێـرە) ناچـار ڕێگایانـدا بچێـت بـۆ بەغـداد، هـەر لەوێـش مایـەوەو نەگەڕایـەوە هەرچـی داواکارییـان پێشـکەش بەغـداد کردبـوو، دەربـارەی رادەسـتکردنەوەی داواکارییەکانیـان بـێ وەڵام بـوون.

لـەم کاتـەدا ئـەوەی بەغـدادی توشـی نارەحەتـی کردبـوو، دەنگـۆی پەیوەنـدی نێـوان مـەلا مسـتەفا و شـای ئێـران بـوو، کـە لەلایـەن ئەمریکییەکانـەوە پشـتگیری لـێ دەکـرا. هەروەهـا سـەرچاوەی باوەڕپێکراومـان لابـوو کـە باسـی لـەوە دەکـرد بارزانییـەکان چـوون بـۆ (تەلئەبیـب). ئیسرائیلیـش لەهەوڵدابـوو بـۆ بەکارهێنانـی کێشـەی کـورد لـە عێراقـدا، تاوەکـو بتوانێـت دوژمنەکـەی کـە دەسـەڵاتی ناوەندبـوو، لاوازبـکات. پـارەی بـە شۆڕشـی کـوردی دەدا، بـەڵام بـڕی پارەکـە زۆر نەبـوو. لەوەڵامـی ئـەو پرسـیارە ڕاستەوخۆیەمدا لـە بارزانـی، دەربـارەی ئـەوەی کـە ئایـا چـی سـیفاتێك لـە خـۆی دەگرێـت پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ شـادا. بارزانـی بەمشـێوەیە وەڵامیدامـەوە: (مـن لـە دەرگای ماڵێکمـدا بـۆ نـان هیچیـان نەدامـێ) بارزانـی مەبەسـتی بەغـداد بـوو، بـەردەوام بـوو، وتـی: (ئـەی چیبکـەم؟ لەبرسـاندا بمـرم؟ بۆیە

لەدەرگایەکی ترمدا، ئەوە هەڵەی منە؟ یان هەڵەی ئەو کەسەیە نانی نەدامێ؟).

بارزانی ئەوەی نەشاردەوە کە چەکی لە ئێران وەرگرتووە، گوتی: (من دەستپێشخەری ناکەم بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ، بەڵام دەبێت دایم ئامادەبیت بۆ خەبات، ئەو ڕۆژە تا شەو لەگەڵ مەلا مستەفادا دانیشتین، پاشان ئەو ڕۆیشت لەگەڵ چەند ئۆتۆمبیلێکی پاسەواندا، من و مەحمود عوسمان پێکەوە ماینەوە بە تەنها، بە ڕاشکاوانە دوای لێکردم، کە کاریگەریم لەسەر بارزانی هەبێت بۆ ئەوەی ئەمجارە بگەڕێتەوە بەرەو لای بەغداد، لەکاتی پیاسەکردنەکەدا کە دوو چەکدار پاسەوانیان دەکردین، پێڵاوەکانم پڕبوو بوون لە بەفر. کە گەڕاینەوە بخەوین زۆر ساردبوو، پاسەوانەکە سۆپای داری گەرمکرد، هەرکاتێك پاسەوانەکە دەرگای دەکردەوە بۆ ئەوەی داری تر بخاتە زۆپاکەوە دەرگاکەی دەکردەوە تاوەکو غاز نەمان خنکێنێت، لە سەرما بەخەبەردەهاتم هەرچەندە قاتێکی وەرزشی خوریم لەبەردابوو.

لە ساڵی (١٩٧٥)دا، دیسانەوە جەنگ سەریهەڵدا لەنێوان کورد و دەسەڵاتی ناوەندیی عێراقدا، هەرچەندە ساڵێك پێشتر لەلایەن بەغدادەوە یاسای ژمارە (٣٣)، دەربارەی دروستکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان- دەرکرابوو.

ئەم یاسایە بەشێوەیەکی نێگەتیڤ لەلایەن بارزانییەوە



لەگەڵ سەدام حسێن.

پێشـــوازی لێکـــرا، بەتایبـــەت لەوکاتـــەدەدا پڕۆســـەی بـــە زۆر ڕاگواســـتنی خێزانەکانـــی کـــورد و نیشـــتەجێکردنی عـــەرەب لـــە جێگایـــان دەســـتی پێکردبـــوو، لـــە ناوچەکانـــی کەرکـــووک، بـــەڵام لـــە بنەمـــادا جەنگـــی کـــورد لەگـــەڵ عێراقـــدا، هیـــچ هوتافێکـــی گـــەورەی جیابوونـــەوەی لـــە خـــۆی نەگرتبـــوو، زیاتـــر بەمەبەســـتی گەیشـــتن بـــوو بەرێککەوتـــن، ئـــەم بارودۆخـــە درێـــژەی کێشـــا. کـــورد دیســـانەوە لـــە ســـەردەمی جەنگـــی عێـــراق و ئێرانـــدا بەهەمـــان شـــێوە باســـی جیابوونەوەیـــان نەخســـتە بەربـــاس تەنانـــەت لەبەرامبـــەر هێرشـــەکانی عێـــراق و بەکارهێنانـــی چەکـــی کیماویـــی دژیـــان.

کـــوردەکان باســـی جیابوونەوەیـــان نەهێنایـــە ئـــاراوە، تەنانـــەت ئەوکاتـــەی کـــە ڕژێمـــی ســـەدام حسێن زۆر لاوازبـــوو توانایەکـــی ئەوتـــۆی نەبـــوو بـــۆ بەرهەڵســـتی کـــردن، کاتـــی شکســـتەکانی عێـراق، لـە کەنـداوی عەرەبـی لـە سـەردەمی ڕاپەڕینی شیعەکانی باشـووری عێراقـدا، لەوکاتـەدا کـوردەکان سـەرقاڵی کۆنترۆڵکردنـی ئـەو ناوچانەبـوون کـە زۆرینـەی دانیشـتووانەکەی کوردبـوون، جگـە لـە موسـڵ؛ (سـلێمانی، هەولێـر، دهـۆك و بـۆ ماوەیـەك کەرکووکیـش)، پێویسـتە بگوترێـت پرسـی جیابوونـەوە نەهێنرایـە پێشـەوە، تەنانـەت ئەوکاتـەی لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە بڕیـاری ناوچـەی ئارامـی هێڵـی (٣٦) درا، کـە لـەم ناوچانـەدا بـە تەواوەتـی هێزەکانـی عێـراق لادران، کـە ئەنجامەکـەی یەکەمیـن

هەڵبـژاردن بەڕێوەچـوو، حکوومـەت پێکهێنـدرا، بـەڵام هەمـوو ئەمانـە جیابوونـەوە لـە عێـراق نەکرایـە ئامانـج، کوردسـتان وەك ئۆتۆنۆمییەکـی تـەواو تەماشـا دەکـرا. ئـەم هێڵـەی بزوتنـەوەی رزگاری خـوازی کـورد لەلایـەن یەکێتـی سـۆڤێیەت و پاشـانیش رووسـیای فیـدراڵ پشـتیوانی لێدەکـرا. لەکاتێکـدا، زۆر بـاش لـەوە تێدەگەیشـتن، کـە کـە هەرەسـهێنان و دابەشـکردنی عێـراق چـی پاشـهاتێکی خراپـی دەبێـت بـۆ رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت!

## ئاییندەی کوردستان ڕوون نییە (نادیارە)

هەرچـی دەربـارەی کاتـی دوای هێرشـەکانی ئەمریکایـە بۆسـەر عێـراق، ئـەوا کاریگـەری بەهێزی بەجێهیشـت لەسـەر جیابوونەوە لـە عێـراق، ئـەوەم پێگەیشـت کـە واشـنتۆن دوو هەڵبژاردنـی لـە پێشـدابووە، کـە پشـتگیری لـەم بیروبۆچونـە بـکات. تـا ئەوکاتـەی عێـراق پارچەپارچـە دەکات، یـان ئەمریـکا پشـتگیری لـە مانـەوەی ئۆتۆنۆمـی کـورد بـکات، بـۆ بەهێزکردنـی پێگـەی خۆیـان و بەکارهێنانیـان بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانیـان، ئەمـە لـە کاتێکـدا کـە درووسـتکردنی کوردسـتان تووشـی هەڵوێسـتی دژی دەکردنـەوە لەگـەڵ دۆسـتە سـتراتیژییەکەیاندا لـە ناتـۆ ئەویـش تورکیایـە.

لـە کاتێکـدا هـەر لـە ناوەراسـتی شەسـتەکاندا بزوتنـەوەی رزگاری خـوازی کـورد توشـی دووبەرەکـی بـوو، هـەر لـە یەکەم گەشـتمدا بـۆ کوردسـتانی عێـراق سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان (حەبیـب) پێـی ڕاگەیانـدم کـە جـەلال تاڵەبانـی (سـەرۆك کۆمـاری ئێسـتای عێـراق)، لـە حـزب دەرکراوە، لەگـەڵ ئـەو گروپـەدا کـە ملکەچـی فەرمانەکانـی دەکـەن پێکـەوە دووبەرەکـی دەنێنـەوە، لـە (١١ئـازاری ١٩٧٠)دا، جـەلال تاڵەبانـی ڕێکخراوەکـەی هەڵوەشـاندەوە و گەڕایـەوە نـاو پارتـی.

شۆڕشی چەکداری دژ بە یاسای ژمارە (٣٣ی ساڵی ١٩٧٤) لەلایەن بەغدادەوە دامرکێندراوەیەوە، مەلا مستەفا ناچار بوو بچێت بۆ ئێران و لەوێوە بڕوات بۆ ئەمریکا و هەر لەوێیش ساڵی (١٩٧٩) کۆچی دواییکرد، جەلال تاڵەبانی دیسانەوە پارتی دیمکراتی بەجێهێشت و لەدوای نیوەی حەفتاکانەوە دوو هێزی سەرەکیی لە کوردستاندا بوونیان هەبوو، یەکەمیان (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە سەرپەرشتی دەکرا لەلایەن مەسعود بارزانی کوڕی بارزانی و (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لەلایەن دامەزێنەریەوە جەلال تاڵەبانی-یەوە سەرپەرشتی دەکرا، تا سەرەتای نەوەدەکان هیچ نزیک بوونەوەیەك لە نێوانیاندا روویندا، هەرچەندە دەبوو شەڕی نێوان (ئێران – عێراق)دا، ئەم هێزانە لە یەك نزیك بکاتەوە، هەموو پێوەرەکان ئاماژەبوون بۆ ئەوەی لەیەکتر نزیك ببنەوە، تەنانەت لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە پێکدادانی چەکداری لەنێوان شوێن کەوتووانی بارزانی و تاڵەبانی روویدا، تەنها کاتێك کە زۆر خراپ شکان بەرانبەر بە سوپای عێراق، ئەوکاتە دەستیانکرد بەرێککەوتن کرد، لە سەرەتای نەوەدەکاندا پەرلەمانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد و حکوومەتیان پێکهێنا، بەڵام ئەمەیش نەیتوانی کۆتایی بە جەنگی نێوان ئەم دوو پارتە بهێنێت.

لە کۆتاییدا تەنانەت رێکخراوەکانی سەر بە ئەمریکاش

نەیانتوانــی نێوەنــد گیریــان بکــەن، تاوەکــو ســاڵی (١٩٩٨) کــە مەســعود بارزانــی و جــەلال تاڵەبانــی چــوون بــۆ (واشــنتۆن) و لــەوێ گەیشــتنە ڕێککەوتــن.

ڕەنگدانــەوەی دژایەتــی کردنــی ڕژێمەکــەی ســەدام حســێن لــە هەڵســوکەوتەکانی واشــنتۆندا هەبــوو، هەربۆیــە بــەلای واشـنتۆنەوە گرنـگ بـوو کـە کوردسـتانێکی بەهێـز هەبێـت، بـۆ کۆنترۆڵکردنـی باڵانـس لە بەرانبـەر بەغدادا، تاوەکو سـاڵی (٢٠٠٢) لــەرووی واقعییــەوە لــە کوردســتانی عێراقــدا دوو حکوومــەت بوونــی هەبــوو، بــە مانایەکــی تــر بەماوەیەکــی کــەم تاوەکــو دەســتپێکردنی هێرشــەکانی ســوپای ئەمریــکا بــۆ ســەر عێــراق، دەســتکرا بــە پێکهێنانــی حکوومەتێکــی یەکگرتــوو، هەرچەنــدە ســاڵی (٢٠٠٣) هێرشــەکان کۆتاییانهــات و ئەمریــکا سەرپەرشــتی دەکـردن، بـەڵام چەندیـن جـار لـە لێدوانەکانـی مەسـعود بارزانـی و جـەلال تاڵەبانـی دا، ئاماژەیـان بە پاشـهاتەکانی پـاش ڕووخاندنی ڕژێمەکــەی ســەدام حســێن، کــرد. پێشــمەرگە بەشــداربوون لــە هێرشــە لۆکاڵییەکانــدا لەگــەڵ ســوپای ئەمریــکادا، بــۆ ســەر عێــراق. لــە ئــازاری ســاڵی (٢٠٠٤) لــە ســەلاحەددین لەلایــەن هــەردوو پارتــە ســەرەکییەکەوە ڕێککەوتنــی گشــتی بــۆ پێکهێنانــی دەســەڵاتێکی یەکگرتــووی کــوردەکان بەڕێــوە چــوو. کــورد بــوو بــە پشــتگیریکەری ســەرەکی ئەمریکییــەکان بــۆ پێکهێنانــی حکوومەتــی ناوەندیــی لــە بەغــداد، نووســینەوەی دەســتووری

عێـراق، لـە کۆتاییشـدا جـەلال تاڵەبانـی بـوو بـە سـەرۆك کۆمـاری عێـراق، لـە بەرانبـەر ئەمەشـدا رێککەوتـن کرابـوو کـە مەسعود بارزانـی بـوو بـە سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان.

لـە ئایـاری سـاڵی (٢٠٠٨)دا مـن گەیشـتمە کوردسـتان، بانگهێشـت کرابـووم، تاوەکـو سـەردانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق بکـەم لەلایـەن جـەلال تاڵەبانـی سـەرۆك کۆمـاری عێراقەوە، کـە ئەویش لـە بەغـدادەوە گەڕایـەوە لـە رێگـەی فرۆکەخانـەی سـلێمانییەوە، تـا چـاوی بـە مـن بکەوێـت.

پـاش گفتوگۆیەکـی دوور و درێـژ پێکـەوە لـە سـلێمانییەوە بـە بـە فڕۆکـە چوویـن بـۆ هەولێـری پایتەختـی ئێسـتای هەرێمـی کوردسـتان.

ئـەو هەمـوو ژمـارە زۆرەی بنیادنـان لـەم شـارەدا سـەرنجی ڕاکێشـام، کـە دانیشـتووانەکەی ملیۆنێـك و دوو سـەد هـەزار کەسـە، دەرگای دەسـەڵات و هەمـوو خەڵکـی کراوەبـوون لـە بـەردەم مـن-دا، دەرکـەوت پەیوەنـدی دێرینـی مـن لەگـەڵ باوکـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتاندا، کاریگـەری خـۆی هەبـوو، سـەرۆکی هەرێـم زۆر بەگەرمییـەوە لـە پێـش کۆشـکەکەی خۆیـدا پێشـوازی لێکـردم.



پێشـوازی سـەرۆکی پێشـووی هەرێمـی کوردسـتان (مەسـعود بارزانـی لە پریماکۆڤ- هاوینە هەواری سەڵاحەددین)

هەندێک پێناسەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن وەک حکوومەتێک لە ناو حکوومەتی عێراقدا، سەرۆکی خۆی هەیە، پەرلەمان و حکوومەتی تایبەت بە خۆی هەیە.
وەک سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێم بۆمی گێڕایەوە، کە هەرێم ئازادیی ئابووری وەرگرتووە تەنها بۆ ئەو گرێبەستانەی کە تایبەتن بەدەرهێنانی نەوت و غازەوە، لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا دەبێت رەزامەندی بەغدادی لەسەر وەربگیردرێت، ئیدی ئەو گرێبەست و رێککەوتنەکانی تر لە جێگای خۆیدا رەزامەندی لەسەر وەردەگیردرێت.
پشتڕاسکردنەوەی قسەکانی؛ ئەو لێشاوە زۆرەی کۆمپانیا بیانییەکانن لە هەرێمی کوردستاندا، کە ئارامی و ئاسایشی هەرێمەکە سەرنجیان ڕادەکێشێت و لەسەرووی هەموویەوە توانا داراییەکانی دەسەڵاتەکەیە، کە بەشی خۆی لە فرۆشتنی هەموو نەوتی عێراق وەردەگرێت، ئەمە سەرباری ئەو پێشبینیانەی کە هەن چاوەڕوان دەکرێت، کە کوردستان زۆر دەوڵەمەند بێت لە رووی سەرچاوەی سامانە سروشتییەکانەوە.
ئایا هەموو شتەکان باشن؟ ئەوا من ناتوانم خوێندنەوە بۆ بارودۆخەکە بکەم تاوەکو بڕیاری کۆتایی نەدرێت لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەت کێشەکان دەکەونە سنوورەکانی شاری کەرکووکەوە، کە لە ئێستادا لە رووی دەسەڵاتەوە کوردەکان کۆنترۆڵیان کردووە. بەشێوەیەکی

گشــتی کــە دەوڵەمەندترین ســنوورەکانی نەوتــی یــەدەگ لەخـۆی دەگرێـت، ئەمـە پشتڕاسـتکراوەتەوە، کـە نەوتـی خـاوی یەدەگــی ئــەم شــارە بــە ١٠ملیــار بەرمیــل دەخەملێندرێــت. بەپێـی دەسـتووری عێـراق دەبێـت، لـەم ناوچانـەدا ڕیفرانـدۆم ئەنجامبدرێـت و خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە بڕیـار لەسـەر ئایینـدەی خۆیـان بـدەن، بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ فاکتـەرە مێژووییەکانیش کورد دەسـت بەسـەر ئـەم ناوچایـەدا دەگرێـت. لـە هەولێـر کۆپـی نەخشــەیەکی کۆنــی ســەردەمی ئیمپراتۆریەتــی عوســمانییەکانیان دامــێ کەرکــووك و هەمــوو ناوچەکانــی تــر لەســەر ئــەو ولایەتەیـە کـە دانیشـووانەکەی کـوردن، بـەڵام عەرەبـی زۆرینـەی دانیشــتووانی عێــراق دژی ئەمــەن کــە کەرکــووك بخرێتــە ســەر هەرێمــی کوردســتانی عێــراق، لــە ســەردەمی ســەدام حســێندا بــە زۆر دەیــان هــەزار خێزانــی کــورد گوێزرانــەوە بــۆ باشــووری عێــراق، لــە ئێســتادا بەشــێکی زۆریــان گەڕاونەتــەوە.

هەروەهــا بەشــێك لــە تورکمانەکانیــش داوای کەرکــووك دەکـەن کـە دانیشـتووی ئـەم ناوچانـەی باکووری عێـراق-ن، لـە ســاڵی (١٩٩٥) بــەرەی تورکمانــی دامــەزراوە، پــاش ڕووخاندنــی ڕژێمــی ســەدام حســێن، بــەرەی تورکمانــی داوای درووســتکردنی ئۆتۆنۆمـی دەکات لـەو ناوچانـەی کـە تورکمانەکانـی تێـدا دەژیـن، هەروەهـا کێشەشـیان هەیـە دەربـارەی کەرکـووك، لـە (٢٩ مانگـی حەوتـی ٢٠٠٧) لـە کۆنفراسـێکدا لـە (نیـوۆرك) سـەرۆکی بـەرەی

تووركمانــی (ســەعددین ئرگێــچ)، ڕاســتەوخۆ باســی لەوەکــرد خەباتــی بــەرەی تورکمانــی بــۆ ئەوەیــە کــە کەرکــووك بکرێتــە پایتەختــی تورکمانەکانــی عێــراق بتوانــن یــان پێگەیەکــی هاوشــێوە بــۆ ئــەم پارێزگایــە بەدەســت بهێنــن.

هەروەهــا ئــەوەی کــە زۆر بەتونــدی بەرهەڵســتی گەڕانــەوەی کەرکــووك دەکات بــۆ ســەر هەرێمــی کوردســتانی عێــراق وڵاتــی تورکیایــە، کــە ڕۆژانــە نزیکــەی ٤٠٠ هــەزار بەرمیل نەوتی دەســت دەکەوێــت لــەم ناوچەیــەدا. پەیوەنــدی کــورد و تورکیــا پێویســتی بەباشــتر بــوون هەیــە، نــەك تەنهــا لەســەر ئــەو جێناکۆکانــەی کــە دەکەونــە ســنووری شــاری کەرکــووك و دەوورووبەرییــەوە.

لــە چیاکانــی باکــووری عێــراق، چەکدارانــی ســەر بــە پارتــی کرێکارانــی کوردســتان بنکەکانیــان جێگیرکــردووە، کــە لەلایــەن کوردانــی تورکیــاوە دامــەزراوە و خەبــات دەکــەن بــۆ وەرگرتنــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتانی تورکیــا پێکدادانــی ســوپای تورکیــا و چەکدارانــی (پارتــی کرێکارانــی کوردســتان) دەرچــووە لەنــاو ســنوورەکانی تورکیــا بــۆ دەرەوەی ســنوورەکانی تورکیا لــە باکووری عێــراق، بۆردومــان کــردن و هێرشــی وشــکانی بەردەوامــی تورکیــا بــۆ ئــەم ناوچانــە، بــە بەردەوامــی ئاڵــۆزی دروســت دەکات، لــە پەیوەندییەکانــی نێــوان هەولێــر و ئەنکــەرەدا.

لەســەروبەندی گفتوگۆکانمــدا لــە گــەڵ ســەرکردەکانی کــورددا زۆر زوو گەیشــتمە ئــەو بڕوایــەی، کــە کــوردەکان دەیانەوێــت

کێشـەکانیان لەگـەڵ ئەنکـەرەدا بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە چارەسـەر بکـەن، کـە زیاتـر کـوردان دەیانەوێـت پەیوەندییەکانیـان باشـبێت لەگــەڵ ئەنکــەرەدا ئەمــەش زیاتــر بــۆ لەبــەر ڕەچاوکردنــی بەرژەوەندییــە ئابوورییەکانــە.

هەرچــی دەربــارەی بارودۆخــی ناوخــۆی سیاســی هەرێمــی کوردسـتانی عێراقـە، تـا کاتـی نووسـینی ئـەم پەرتووکـە سـەرکردە کلاسـیکییەکان و سـەرکردەی گەنجیـش بوونـی هەیـە. هەندێـك لــە سیاسـییە ڕۆژئاواییـەکان کار دەکـەن بـۆ ئـەوەی ئـەم دوو جـۆرە سـەرکردانە لــە یــەك جــودا بکەنــەوە، جیاوازییەکانــی نێوانیـان قـوڵ بکەنـەوە، بـەڵام ئاسـان نییـە ئـەو جیاوازییـە بگاتـە ئاسـتی ململانێکردنــی یەکـتری. لەنێــو ســەرکردە گەنجەکانــدا دیارترینیــان؛ نێچیرڤــان بارزانییــە، کــە لــە ئێســتادا ســەرۆك وەزیرانــی حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتانە، کــوڕەزای مــەلا مسـتەفایە و کـوڕی ئیدریسـی کۆچکـردووە، کـە لـە سـاڵی (١٩٨٧) وەفاتیکـرد. نێچیرڤـان ژیانـی خێزانـی پێکهێنـاوە لەگـەڵ کچـی مەسـعود بارزانــی ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتاندا، هەربۆیــە ئـەو باسـانەی لێکۆڵـەرە ڕۆژئاواییـەکان دەربـارەی جیاوازییەکانـی نێـوان ئـەو لەگـەڵ مامیـدا دوورە لـە ڕاسـتی یـەوە، بەڵـێ ئـەم کەسـانە مرۆڤـی سـەردەمی دوو نـەوەی جیـاوازن تەنانـەت بـە ڕووکاری دەرەوەیانـدا دەردەکەوێـت مەسـعورد بارزانـی بـە قـات و جلوبەرگـی کوردییـەوە، بـەڵام نێچیرڤـان بـە بۆینبـاخ و چاکـەت

و پانتۆڵـی ئەروپییـەوە دەردەکەوێـت. یەکترناسـین و گفتوگۆکـردن لەگـەڵ ئـەم سیاسـییە زۆرزانـەدا، کـە نەمتوانـی خـۆم بـە دوور بگــرم لــە گفتوگۆکــردن لەگەڵیــدا، دانــی بەوەدانــا کۆمەڵێــك هەڵـە بونەتـە هـۆی شکسـتی بزوتنـەوەی رزگاری خـوازی کـورد، نەمتوانــی خــۆم بــە دوور بگــرم لەســەر باســکردن دەربــارەی گۆمەڵــگای عەلمانــی ( نەتــەوەی کــورد زۆر ئایینــی نییــە)، دیموکراتـی لـە کۆمەڵـگای هەرێمـی کوردسـتاندا زۆر کاریگـەری لەســەرم بەجێهشــت.

چاوپێکەوتنـم لەگـەڵ سـەرکردەیەکی گەنجـی تـردا، کـە سـەرۆکی ئاژانســی (پاراســتنی) هەرێمــی کوردســتان، مــەسرور کــوڕی مەســعود بارزانیــدا کــرد، ئــەوەی دوپــات کــردەوە بۆچوونــی گەنجـە سـەرکردەکان زۆر باشـە، زۆر ڕوونـە کـە ئـەم کەسـانە ئایینـدەی هەرێمـی کورسـتانن، ئایـا ئـەم سـەرکردانە ئایینـدەی هەرێمـی کوردسـتان بـەرەو کـوێ دەبـەن؟ ئایـا سـەربەخۆی نابێتە ئامانجـی سـەرەکییان؟ بـەڵام دەبێـت ئـەوە بزانیـن ئـەو هەوڵـە سـەرکەوتووانەی کـە بـۆ دروسـتکردنی وڵاتـە تـازە سـەربەخۆکان دەدرێـت، هــەروا بەســانای بەســەریاندا تێناپەڕێــت...

هەرچەنــدە لــە کوردســتان بــووم و هەســتم بــە وجــودی ئەمریکییـەکان دەکـرد، سـەرباری ئـەو دۆسـتایەتییە سـتراتیژیەی کــە هەیانــە پێکــەوە، بــەڵام دۆســتایەتی کــوردەکان و تەماشـاکردنیان بـۆ لای رووسـیا وەکـو خـۆی ماوەتەوە، دەسـەڵاتی

هەرێمـــی ئامــادەن هەمــوو دەرگاکان ئــاوەڵا بکــەن بــەرووی وەبەرهێنەرەکانــی رووســیادا، کــە بەداخــەوە بوونیــان نییــە لــەم هەرێمــە ئۆتۆنۆمییــەدا.

لــە عێراقــدا دەیــان ژنــی ســوڤێیەتی دەژێــن، کــە زۆربەیــان لــە ئێســتادا بێوەژنــن، لــە کاتــی خۆیــدا یەکێتــی ســۆڤێیەتیان بەجێهێشــتووە لەگــەڵ مێــردە کوردەکانیــان-دا. ئــەوان کارەســاتی زۆر ترســناکیان بینیــوە لەگــەڵ مێــرد و منداڵەکانیانــدا، پێکــەوە خەباتیــان کــردووە لــە پێنــاو بــە دەســتهێنانی مافەکانــی کــورد-دا. ئەوانــەی کــە ئامادەکرابــوون بۆ دیــدار لەگەڵ منــدا نەیانتوانی بەر لــە فرمێســکەکانییان بگــرن، کــە هاوکارێکــی باشــی کونســوڵخانەی رووســیان لــە هەولێــر، ئەوانــەی کــە ماونەتــەوە ئەندامانــی خێزانەکانیــان بــە زمانــی رووســی قســەدەکەن کاریگــەری خۆیــان دەبێــت لەســەر پەرەســەندنی پەیوەندییەکانــی نێــوان کــورد و رووســیا.

**کۆتایی**



چاوپێکەوتنی پریماکۆڤ لەگەڵ ئەو ئافرەتە بەڕەگەز رووسانەی کە کاتی خۆی لەگەڵ مێردە کوردەکانیاندا کاتی خۆی هاتوون بۆ کوردستان.